# کێشەی ئافرەت لە کلاوڕۆژنەی شیعری هەندێ لە شاعیرانی هاوچەرخدا



مەسەلەی ئافرەت شوێنێکی بەرفراوانی لە مەیدانی شیعری کوردیدا گرتووە ، شاعیرانی کورد هەمیشە دەنگێکی ڕەسەن بوون کە بانگ بۆ ئەو مەسەلەیە بدەنو هەردەم وەك کەسانێکی ڕابەرو شۆڕگێر لە وێنەگرتنی ئەو تانە نامرۆڤایەتیانەی کە ئافرەت بێ‌نرخ دەکەنو لە کەسایەتی‌یە ڕاستەقینەکەی خۆی ڕووتی دەکەنەوە ، ڕۆڵی زێڕینی خۆیان بینیوە ٠

شاعیرانی کورد هەر تەنیا بە شیعر پشتیوانی ئافرەتیان نەکردوە ، بەڵکو بە کردەوەش ئەوەیان ساخ کردۆتەوە ، بۆ نموونە تا ئێستاش خەڵك کردەو مەزنەکەی «مەلای گەورە» دەگێڕنەوە کە پێش هەموو کەس کچەکەی دەنێرێتە قوتابخانەو بێ‌گومان ئەوە شتێکی کەم نەبوو لەو کاتەداو هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەو یاخی‌بوونێك بوو کە نەریتی کۆن ڕەت بکاتەوەو ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەوە هاتوە شاعیرانی کورد بە تێگەیشتنێکی قوڵەوە هەمیشە کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان چارەسەر کردوە ٠

بێ‌گومان شیعر ئاوێنەی بیرو باوەڕی شاعیرە کەواتە دەبێ پێشەکی ئەوە بڵێین کە ئەو مەسەلەیە لەلای هەر شاعیرێك ڕوویەکی تایبەتی هەیە چونکە ئەو کاتە بەپێی ئایدیۆلۆژی‌و بیرو باوەڕی خۆی هێڵ بۆ مەسەلەکان دەکێشێت‌و چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە ٠ وە هەڵوێستی بە گوێرەی کات‌و شوێن‌دەگۆڕێ ٠ هەیە کێشەی ڕزگاری‌و چەوساندنەوەی ئافرەت هەر بە گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی دادەنێ‌و هەروا بە ئاستەم سەرپێیانە خۆی لێ‌دەداو تێبەڕنەبێ و بە چەند ووشەیەك دەیبڕێنێتەوە ٠ هەشن هەر وەك چۆن هەموو بابەتێکی شیعریان لەسەر بیرو باوەڕ یان ئایدیۆلۆژیەکی پتەو دامەزراندووە لە ڕوانگەیەکی پێشکەو تنخوازانەوە مەسەلەکە بۆ گیروگرفتیکی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی ئاڵۆز شی‌دەکەنەوە و لە ئاخیدا ڕۆ دەچنە خوارەوە ٠

شاعیری کورد نوێنەرێکی هەمیشەیی کۆمەڵەو دەربڕێکی ڕاستگۆی هەست‌و ئازارەکانی بوە ، وە شیعریشی چەکێکی ئامادەکراوبوە لە گۆڕینی ئەو واقعە تاڵەدا کە شاعیرو کۆمەڵەکەی تیادا ژیاوە ٠ لێرەوە ئێمە وەك ڕۆشنبیرو رابەر دەڕوانینە شاعیرانی کوردو لایەنێك لەو لایەنانە ڕوون دەکەینەوە کە هەمیشە بابەتێکی بەپێزی نێو جیهانە شیعرەکەیان

بوە ئەو لایەنەی کێشەی ئافرەتە ، کێشەی چەوساندنەوەی لەو کێشانەیە کە هەرگیز لە مەسەلەکانی تری کۆمەڵ جیا ناکرێتەوەو هەرچەندە ئافرەت هیچی لە پیاو کەمتر نی یە بەڵام بە درێژایی سەدەکان کۆمەڵ زوڵمی لێ کردوەو تەنانەت یەکەمین چەوساندنەوەی لەو کێشانەیە کە هەرگیز لە ئافرەت بوە · بەهۆی دواکەوتنی کۆمەڵەوە ئافرەت ئازاری چەشتوەو ئەو ژیانەی هیچ لە زیندانێك کەمتر نەبوە کە سەربەستیو ئارەزووو حەزەکانی تێدا بەندکراوە ، وەك کۆیلەیەك لەژێر دەستی پیاو بەبێ بەزەییانە لە گۆمی کلۆلی و دەردەسەریدا تلاوەتەوە· شاعیری بەرز « گوران » ئەم چەمکە بەم دێرەی پێشەوە دەردەبڕێو بە زمانی کچەوە دەڵێ :ـ

منی کچ ، مامزی بەندیخانە ژین
سزای تاوانم
بە دەستی باوکی خۆم چووم بە سەربڕین
برچی پەخشانم

بێگومان لە ناو گەلی ئێمەشدا وەك هەموو گەلێکی دواکەوتو گەلێ پرۆپاکندەو تێگەیشتنی نا زانستیانەی وامان هەیە کە ڕەگەکەیان دەچێتەوە سەر ئەو ئایدیۆلۆژیەتەو شالاوی کۆنەپەرستیو دەرەبەگایەتی ڕایمالیون · بەڵام پێشکەوتنو پەرەسەندنی ڕەورەوەی مێژوو ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو بیرۆکانە پشت بە هیچ تیوریەکی زانستی نابەستنو هەوڵ دەدەن کە لە نرخی ئافرەت کەمبکەنەوە· دلداری شاعیرو ڕابەری لاوان دەلگ هەلدەبڕێو دەڵێ :ـ

**لەچاو کێژە کوردانی ماڵ ···**
**شەپولی ئەشکی خوێنین دێ وەکو جۆ سارێ یا لافاو**
**هەنیکە قولپە گریانی هەتیوو ڕووتی باو ··**
**فیداکەی واجبە بۆ گشت لە بۆ دڵتینی ئەشکێنی**
**لەگەڵ لاوی نەهێنی کورد بلێ سەربەستی سەربەستی·**

ئافرەت وەکو کێشەیەکی سەرەکی خۆی لە شیعری کوردیدا بەدیار دەخات کێشەی ئافرەتی کوردیش دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو ئافرەتانی جیهانی سێهەم بە نموونە بهێنینەوە · چونکە ئافرەت لە هەموو ئەو وولاتانەدا ئازاری نەزانینو دیلێتی ناو چوار دیوارەکەی ماڵەوە دەناڵێنێ· دوورە لە مەیدانی چالاکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو بێ بەشە لە هەموو ئەو نازو لایلایانەی کە بۆ مرۆڤ هاتووە ، یان چاکترە بڵێین کە بارێکی وای بۆ ئەخولقێنراوە کە سەنگە ڕاستەقینەکەی خۆی هەبێو چەوساوە بێو کەلوپەلێك بێ لە خزمەتی هاوجنسەکەی خۆیدا بێ ، کەواتە هەرچەندە هەموو مەرجە فسیۆلۆژیەکاتی تێدا بەدی بکرێ ·· ئەوە هەموو مەرجە بنەڕەتیەکانی مرۆڤی پڕ بە پێستی خۆی تێدا نایەتە دیو بیەوێو نەیەوێ لێی داگیرکراوە · مرۆڤیش کاتێ دەتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێ کە سەربەست بێو کەس گیانە مرۆڤیەکەی پێشێل نەکات بەڵام ئەگەر مرۆڤ شوێنێکی وای بۆ دیاری کرا کە بۆ گیانەوەری ئاسایی نەبێو ناشێ · لێرەوە قانیع شاعیری بەرەی جوتیارو ڕەنجدەرانی کورد ( سکالای نەسرین ) بەرزدەکاتەوەو دەڵێ :ـ

کچێ ، تۆ کچێ داکەوە لە ماڵ
نابێ بێیتە دەر بە درێژایی ساڵ
ئێمە ناوێرین بڵێین ئینسانین
دایکی دوا ڕۆژ دەستەی لاوانین
حیسابمان بکەن بۆ هەڵبژاردن
ڕۆژی ئینتخاب بۆ وەکیل ناردن

ئافرەتی کورد لە لایەکەوە ، بەهۆی دواکەوتنو پاشکەوتویی کۆمەڵگاکەمانەوە وا سەیر کراوە کە گیانێکی بێ خزمەتو ووزەیەکی نەجوڵاوەیەو درەختێکە نابێ ڕەنجی بۆ بدرێو بێ بەرەو ئافرەت جوانیەکەیەتێو بەس ، وێنەیەکی ڕەنگینە بەڵام خۆی لە کێڵگەی سەربەستیو ڕزگاریدا نابینێتەوە ·

ئەحمەد هەردی ـ مەسەلەی دلداریو ئافرەت بە ناکۆکیو [illegible]اوازی چینایەتیەوە گرێدەداو بۆ ئەو ڕاستیە[illegible]ێ :ـ

کچ ، لەلای ئێمە گوڵێکە بۆ یە پەروەردەی ئەکەن
تا بڕازێنێتەوە مێزی شەرابی دەولەمەن

« ٢ »

تا ئێستا ئافرەتمان وەکو چەوساوەیەك نیشان دا بەڵام لێرەوە ئەو قاوغە دەشکێنینو دەڵێین « ئافرەت نیوەکەی تری کۆمەڵە » واتە بەم ڕستەیە ئافرەت لە پلەیەکی بەرزتردا دەخەینە ڕوو بۆ ئەمەش چەند کۆپلەیەك بە بەلگە دەهێنینەوە ·

هەڵبەت ئافرەت لە دورگەکەی خۆی دەرکراوەو هەڵبەت شوێنە شایستەکەی خۆی بۆ دیاری نەکراوەو

تەنانەت بە زەبروزەنگی ئەو بیروباوەڕو نەریتە کۆنە یەك کەوتانەی مرۆڤایەتیەکەی خۆیشی لێ زەوت کراوەو خولقاوی چەند ئارەزوویەکی ووشکی پیاو بووەو کۆمەڵ لەباری سەرنجیەوە هەر بۆ مەسەلەی سێکس‌و منداڵبوون دانیاوەو بەکاری هێناوە ٠

ئافرەت کانگای خەمڵین‌و سەرکەوتنەو هەرگیز بەبێ ئافرەت ناشێ خەون‌و خولیاکانی ژیان‌و مرۆڤایەتی بهێنینە دی‌و هەنگاو بنێین‌و، هەرگیز مەحاڵە وەکو بێکەس بۆی چووە کە نەتەوە بە لاسەنگیەوە سەرکەوێ :ــ

**نێرو مێ هەردوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن**
**دوورە دەرچوونی لە زیللەت مەل بە باڵێ نافڕێ٠**

ئافرەت لە مەیدانی خۆشەویستیشەوە هەر چەوسێنراوەتەوە و ئافرەتی لای خۆمان ئەو مافەشی لێ قەدەغەکراوە کە بناغەیەکی زانستی‌و پتەو بۆ پێکەوەنانی خێزانێکی دلشادو بێ گیروگرفت ، وە بە حوکمی ئەو بارودۆخە ناسکەی کە تێیدا ژیاوە ئەڤینەکەی هەر لە دلی خۆیدا بوەو یان ئەگەر بە کردەوەش پەیرەوی کردبێ ئەوە لە لایەن کۆمەڵ لادان بوە لە نەریت‌و یاساکانی کۆمەڵ ٠

خۆشەویستی ڕاستی ، سەربەستی شووکردن‌و کامەرانی خێزان ، بە ندە بە لەناوچوونی دواکەوتن‌و سەربەستی شووکردن‌و هەروەها ئازادی هەلبژاردنی



هاوسەری ژیانیشی نایەتە دی ئەو ڕۆژە ئەبێ کە هەموو ئەو مەرجە نابوریانە ڕەت دەکرێنەوە کە هاوسەردا ٠

کەواتە دلداری‌یەك ئەو ترسەی هەبێ‌و زۆر جار دەستی خنکاندن‌و لەناوچوون بگەیەنێتە بینەقاقای ئافرەتەکە ، چۆن ناچێتە قالبی داستان‌و ئەفسانە کۆنەکانەوە ٠ لەبەر ئەوەشە « ئەحمەد هەردی » بێ بەدل دەڵێ :ــ

**گەرچی دلداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە،**
**هەر بە تەنیا بۆ کوری خاوەن تەلارو نانەیە**

یان گۆران دەڵێ :ــ

بێن کچان ! بێن کوڕان ، پەیمان ببەستین
بۆ هێزی زۆرداری مل‌کەچ نەوەستین
شەهیدانی عیشق
بکەین بەسەر مەشق ٠

مایەوە سەر ئەوەی کە بلێین کە مەسەلەی ئافرەت کێشەیەك نیە کە تەنها پەیوەندی بە خۆیەوە هەبێ بەلکو کێشەی هەموو میللەتەو « پلەی ئازادبوونی ئافرەت لە هەموو کۆمەڵێکدا پەیرەوێکی ڕاستە بۆ ئازادبوونی گشتی » چونکە ئافرەت ڕزگاری نابێ هەتا وەکو کۆمەڵ ڕزگاری نەبێ ، کەواتە تێکۆشان بۆ ڕزگارکردن‌و لەناوبردنی دوژمنانی ئافرەت لەو بارە نالەبارەی کە ئافرەتی تیا چەوسێنراوەتەوە ٠

ئافرەت لە ئەدەبی پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕدا لاشەیەکی بەستەزمان‌و بێچارە نییە بەلکو شۆڕشگێڕە پێش ئەوەی ئافرەتێکی ئاسایی بێ ، لە تەك براکانیدا هەوڵ دەدات بۆ لەناوبردنی ئەو زۆردارەی کە خۆری ئازادی دەدزێ ، « لە تیف هەلمەت » دێتە قسەو دەڵێ :ــ

من کچێکم خۆش دەوێ
تاڵ تاڵ قژی بچنێتو
بیکا بە پەتی سێدارە
بۆ زۆردارێك
گوڵی کرد : بە هەوری دوکەڵ
لەم هەوارە

ئەو کچە لەلای « هێمن » تابلۆیەکی جوان‌و وشك نییە بەلکو جوانە ڕاستیەکەیە یاخیەکی جەنگاوەرو شۆڕشگێرە ، ئافرەت وەك سنگە قەلغانەکەی کانونەو جێگای شیاوی خۆی هەیە لە مێژوودا ٠ بەچە دەخاتە لاوەو بۆ ڕزگاری‌و سەرفرازی خەبات دەکات ٠

هێمن لە شیعری « گولێ هیوا » دا ئـافرەت دەگەیێنێتە ترۆپکەی قارەمانێتیو دەڵێ :ـ

یەکجار فرێت دا چارشێو
ئەوە ڕووت کردە چـڕو کێو

دەبڕی جەرگی دوژمنی زۆڵ
بە سەر نێزە نەك بـە مژۆڵ ·

جلی ئافرەتی کـورد بـە سوخمەو کەوێو کراسەکەیەوە کە لە دێر زەمانـەوەی لەبـەرکردوە پێویستی عەباشی وەك دیاردەیەکی ئاکاریو ئەدەبی پڕکردۆتەوە · هەروەك مێژوو دەڵێ ئەو عەبایە سوڵتان ڕەشادی عوسمانلی بەسەر میللەتی کوردی دا بڕیو هەر لەناو خێزانە کۆنەپەرستو دەرەبەگەکاندا ماودتەوە وە ئەم دیاردەیەکە لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە ·

ئەم نەریتـە مەحـالە لە بـەرامبـەر ڕەوڕەوەی چـەرخدا خۆیبگرێو لەگـەڵ گیانی کـوردەواریو ئیشکردنی ئافرەتدا ناگونجێ ـ هێمن موکریانی ـ دەڵێ :ـ

**ئەو پەچەوڕووبەندو چارشێوەی ئەدیوە ئەنگی تۆ**
**ئەو شڕو شـالاتە دیاری دوژمنی دڵ چلکنـە**
**کیژی شێخو کیژی حاجیو کیژی ئاغا ڕەنجەڕۆن**
**کیژی ئازادە ئـەوی ژینی بە نووکە گاسنـە ·**

لێرەدا هێمن ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بە زمانێکی ساکار لە قـالبی ئـەم چـەنـد دێرەدا داڕشتوە · ووردبینانە مەسەلەکەلە بنچینەوە دیاریدەکات، هیچ کاتێ ئەو ئافرەتە ئەو پەڕۆ تاریکەی لە خۆی نەئالاندوە چونکە ئـافرەتی کورد بەچکـەی بنێو ئەم شاخو داخو کوردستانە بووە ، ئەو شەوە تاریکەشی لە چاوی· کۆنەپەرستـەکانەوەیـەو هەر بۆ چینی دەرەبەگەکن دەگـەڕێتـەوە · هێمن دەزانێ کێشـەی ئـافـرەت کێشەیـەکی ئـابووریـەو هەر وەك ئـەو ڕاستیـیـە خـەستدەکاتـەوەو دەیخزێنێتە گیانی شیعرو دەوری

ئـاغرەتی ڕەنجدەر دەردەخـاو دەڵێ « کیژی ئازادە ئەوی ژینی بە نووکی گاسنە » ·

دەبێ ئافرەت سەرفراز بێو ڕاپەڕێ ·· بەڵام چۆن بخوێنێو تێبکۆشێو ڕۆشنبیری بێو خۆی لە دیۆجامەیئەو نەریتو بیروباوەڕە بۆگەنانە ئازادبکات·

ئەو نەریتو یاسایانەی ڕێگرن لە گەشەکردنی کۆمەڵو ڕەگەکانیان زۆر قوولنو بەئاسانی دەرناکێشرێن · « بێ کەس » لە پارچە شیعری ـ ئەسرین ـ دا دەڵێ :ـ

هێندە دانیشتی پشتت چەمـاوە
زەردو لاواز بوویت هێزت نەماوە
کچی بێگانەت خۆ لەبەر چـاوە
هەستە تێ کۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

دەبێ دەستە دەستە ئەو توولە تەنگەی ماڵەوە بشکێنێو بۆ کارکردن وا بکەیت لە ژێردەستەیی پیاو دەرباز ببی چونکە بەوە دەتـوانێ گۆڕ بۆ ئازارەکانی دوێنێ هەڵکەنیو ئافرەت دەبێ خۆی خۆی ڕزگاربکاتو هەروەك سیمون دی بوڤوار دەڵێ « ئەو کاتە ئافرەتان بە تەواوەتی دەرباز دەبن کە بە خۆیان ژیانی خۆیان دەبەنەوە » ·

هونەرمەندانی کورد هەر نوێشکی ئازارەکانمان وەکو فوتوگراف بۆ تۆمار ناکەن ، بەڵکو تێکەڵ بە ژانەکانی دەبـنو وەستـایـانـە چارەسەریشی بۆ دەدۆزنە[illegible]مانگکەیەننە ئەنجام ·

کەرکوك / ۱۹۸۰ ·
دلشاد حەمەمین/ببن بە تیشك ·

**پەراوێز**

۱ ـ المرأة والاشتراكیة · منشورات دار الآداب· بیروت ·
۲ ـ المـرأة والجنس · د· نوال السعـداوی · بیروت ۱۹۷۲ ·
۳ ـ ڕۆشنبیری نوێ ژمارە « ٤٣ ، ٤٤ » سالی ۱۹۷٥ ئەو سەرچاوانەی شیعرەکانی لێ وەگیراوە ·
گۆران ڕۆشنبیری نوێ ژمارە « ٤٣ ، ٤٤ » سالی ۱۹۷٥ دلـدار / دیوانی دلـدار · چاپی دووەمین · ۱۹۷۱ · هەولێر قانیع نامەی قانیع · چاپخانەی دار التضامن ـ ئەهلی بەغدا ۱۹۷٤ ·
احمد هەردی ڕۆژی کوردستان ژمارە » ٤٩ « شوباتی ۱۹۷۸ لەتیف هەڵمەت / ڕۆژی کوردستان ژمارە « ۳۸ » ·
هێمن / تاریكو ڕوون· هێمن · بنکەی پێشەوا· ۱۹۷٤ بێ کەس / دیـوانی بێکەس · کۆکردنـەوەی حەمەی مەلا کەیم ·